# گوڵاڵە سوورەکانی یاد

**خولیا حسێن**



زۆر بیرەوەری هەن لە قولایی ژیانی مرۆڤدا هیندە کاریگەریان لە سەر باری دەروون  داناوە کە لە گەڵ هەر گۆشە نیگای روانینێك و هەر بیرەوەرییەك و یادکردنەوەیەکی ئەم رووداوانە دیاردە دەروونیەکە هەموو پانتایی ناخ دادەگرێت و دەبێتە هۆی تێکچوونی باری ئاسایی ساتەکانی ژیان ,
یەکێك لەم بیرەوەریە قورس و تاڵ و ناخۆشانەی کە لە یاد کردنی بۆ من شتێکی مەحاڵە و بیرکردنەوەش لێی رووداوەکە زیندوو و زیندووتر دەکاتەوە و هەموو قەبارە و پانتایی ناخم  دادەپۆشێت و رەشەبای ئازار جۆلانی بە تۆپە بچکۆلانەکەی دڵم دەکا و رەهێڵەی فرمێسکی بە خور بەسەر گۆرەپانی ناخمدا دەبارێت , لە هەمان کاتیشدا رق ئەستوور تر دەبم بەرامبەر بەو دەستە چەپەڵانەی باڵی باڵندەکانی ئازادی دەبەستن , توورە تر دەبم بەرامبەر بەو هەستە پیس و قیزەونانەی پەردەیەکی رەشیان داداوەتە  سەر روخسارە جوانەکانی ژیان , ئەم یادە , یادی تیرۆرکردنی هەردوو رابەری دنیایەکی باشتر هاورێیان شاپوور عەبدولقادر و قابیل عادل  وام لێدەکات هەرگیز واز نەهێنم لە شەر کردن بۆ وەدەست هێنانی دنیایەکی پر لەبەها مرۆڤایەتیەکان , یادی ئەم دوو رابەرە کۆمۆنیست و پێشرەوی دنیایەکی شایستە بە مرۆڤەکان ,ئەم دوو کەسە ماندوو نەناس و رابوو بۆ گەیاندنی مرۆڤە ستەمدیدەکان بە پێگاکانی دادپەروەری و بەختیاری و یەکسانی , دوو مرۆڤی دڵ بێ گەرد و هەمیشە وەڵام بەدەست بۆ کێشە و ئازارە کۆمەڵایەتیەکان , دەم بە خەندە و ئومێد بەخش لە هەموو کات و ساتە بێ ئومێدیەکان , ئەو  دوو مرۆڤەی کە هەتا ئێستاش پەپوولەی خەونەکانیان لە ئاسمانی یادەکانمان دەسوورێنەوە و ئومێدەکانیان , خۆزگە و ئارەزووە مرۆییەکانیان لە دڵی ئێمە چەکەرە دەکات و بە چرای روونی ئاوات و ئومێدەکانی ئەوان ئێمە رێ دەکەین و ناوەستین , رێ دەکەی ن وسێبەری  باڵای زراڤی شاپوور بە سەر سەرمانەوەیە ,رێ دەکەین و ئاڵا سوورە شەکاوەکەی دەستی فابیل لە دەستمان دەشەکێتەوە , رێ دەکەین و دەنگی ئەوان ئاوازێکی کپ نەبووە هانمان دەدا و لە گوێچکەمان زرینگەی دێ .
هاورێیان لە 18ی نیساندا هەزاران چەپکە گوڵی گەشتر لە خۆزگەکانتان بۆ یادەوەریتان دیاریە, لەم رۆژەدا تف لە تیرۆر و تیرۆرستانیش روو رەشبن لەبەر دەرگای ئاواتە مرۆییەکانی ئێوە,
یادتان بەخێر هاورێیانم / یادتان بەخێر.....,

**2005/04/24**